# قەندیل قوتابخانەیە ....

رزگار کۆچەر

Rzgar_prees@hotmal.com

جاران هاورێیانم زۆر باسی قەندیلیان بۆ دەکردم ئەو کات ئیرەیـم پێدەکردن کـە وەك ئـەوان رۆژێك لـە قەنـدیل هـەورە سپیەکانی ئەو دەڤەرەم بەخۆ دانەداوە و لەوێش فێری ماناکانی ژیان نەبووم ...

جاران هاورێیانم چیرۆکە بێ کۆتایەکانی قەندیلیان لە شێوەی تراژیدیای خەونی میلەتێك بۆ باس دەکردم , ئەو کـات لـە بیستنی چیرۆکەکانی قەندیل بێزار نەدەبووم .....

هەندێك لە هاورێیانم لە قەندیل تەواوی ژیانی گەنجاتی خۆیان بەسەر برد لە قەندیل دەیەها کتێبیان لەجیات جارێـك سەدان جار خوێندەوە . دەیەها هۆنراوە و چیرۆکیان نووسی , هەندێك لە ئەوان ئێستا لە مەچکۆ بـە دیـار یادگاریـەکانی رۆژانی سەختی قەندیل خـەریکی چا خواردنـەوەن لەگـەل دووکـەڵی چگەرەکەشـیان بـیرو خەیـەڵیان دەچـێتە نـاو تـەم تومانی کونـج و کەلەبەرەکانی مەملەکەتێك کە پێی دەگوترێت قەندیل ..

هەندێکی تریش لە هاورێیانم ئێستا رقیان لە ناوی قەندیلە لەبەر ئەوە نا جاران قەندیل لـە باوەشـی گـرت بـوون و لـە رەنوە بەفرە سپیەکانی دەیپاراستن بەڵکو ئەوان ئێستا فێری ژێر بێخەفی گەرم بـوون و نایانـەوێت بگەرێنـەوە نـاو ئـەو یادگاریانـەی کـە رۆژەکـانی پـر بـوون لـە مـرۆڤ پەرسـتی و خۆشەویـستی... ئـەوان لەوەتـەی لـە قەنـدیل گەراونەتـەوە قوتابخانەی بەرخودانیان بیر چۆتەوە نازانن خۆشەویستی مانای چیە ...

هاورێیانم لە قەندیل فێری وانەکانی بەرخوادان و بەرگری بوون , ئەگـەر چـی ئـەوان ئێـستا لـە پێگـەی بـەرێوە بردنـی دەسەڵات تەنیا کەسێکی سادەی خاون رابردوێکی پاکن بەڵام رۆژانی سەختی قەنـدیل فێـری کـردوون کـە هـەردەم بـەدەم یادگاریەکانی قەندیل پیاوی رۆژانـی سـەخت و خـاون هەڵوێـست بـن ....قەنـدیل بـۆ ئـەوان قوتابخانـەبوو بۆیـە ئیـستاش حەزدەکەن بۆ رۆژێك بگەرێنەوە قەندیل ..

من دەزانم ئێستا لە قەندیل بێجگە لە گرێلا کچ و کورەکان دیمـەنی جـوان و بـەفرو ئـاگرو گۆراسـتانی شـەهیدان و ئاڵای کوردستان و کلاشینکۆف وخەون و مامزی کێوی و ئەشکەوت و شەو نخونی دەیـەها گـەنجی کـور وکـچ هەیـە ....قەنـدێل ئێستا بێجگە لە بەفر ملونکەی ئازیزانی سەربەخۆ بوونیشی لە باوەش گرتوە..

ئێـستا لـە قەنـدیل گـرێلا لـەپاڵ بـەرگری بوونـەوەی داگیرکـاران قەنـدیلیش وەك چـاوەکانیان دەپـارێزن چـونکە گـریلا دەزانێت کە قەندیل نەما شاخەکانی تـریش پـایز ئاسـا ورەی بەرگریبونـەوەیان بەرامبـەر داگیرکـەران دەوەرێـت ..بۆیـە قەندیل هەمیشە بۆ کوردان قەلایە ....